


# زاما زیرەکە

Michael Oguttu
Vusi Malindi
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 2




برا بچوکەکەی من زۆر دەخەوێ. من زوو لە خەو هەڵ
دەستم، چونکە من زیرەکم!




من پەنجەرەکان دەکەمەوە بۆ ئەوەی ڕووناکی خۆر بێتە ژوورەوە.




دایکم دەڵێ: ”تۆ ئەستێرەی بەیانیانی منی.”




من خۆم خۆم دەشۆم. پێویستم بە یارمەتی کەس نییە.



من تەنانەت دەتوانم بە ئاوی سارد و سابوونی شینی بۆن ناخۆشیش دەموچاوم بشۆم.



دایکم بە بیرم دێنێتەوە ددانەکانم بشۆم، ئەو دەڵێ:
“ددانەکانت لەبیر نەکەی.” منیش دەڵێم: “هەرگیز!




دوای خۆشوشتن سڵاو لە باپیرەو پوورم دەکەم و ڕۆژێکی خۆشیان بۆ بە ئاوات دەخوازم..




دواتر خۆم جلەکانم دەبەر دەکەم. دایکم دەڵێ: “ئێستا تۆ گەورە بوویە.”




من دەتوانم دوگمەی کراسەکان و قەیتانی پێڵاوەکانم ببەستم.



هەروەها من لەوە دڵنیا دەبمەوە کە برا بچوکەکەم هەموو شتێکی نوێی قوتابخانە فێر بووە.




له ناو پۆل هەوڵ دەدەم هەموو شتێك بە باشی ئەنجام بدەم.



من هەموو ڕۆژێ ئەم کارە باشانە جێبەجێ دەکەم، بەڵام ئەو کارەی لە هەموویان زیاتر حەزم لێیەتی، یاریکردنە!

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## زاما زیرەکە


Skrevet av: Michael Oguttu
Illustret av: Vusi Malindi
Oversatt av: Agri Afshin


Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.


Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.